بەڕێز/جەنابی مام جەلال  سەرۆك كۆماری عێراقی فیدراڵ

بەرێز/ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ

بەرێز/ ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ

بەرێز/باڵوێزخانەی ئەمریكا لە عێراق

بەڕێز/دادگای باڵای تاوانەكان لە كۆماری عێراقی فیدراڵ

بەرێز/جەنابی كاك مەسعود سەرۆكی هەرێمی كوردستان

بەرێز/سەرۆكایەتی  پەرلەمانی كوردستان

بەڕێز/ ئەنجومەنی وەزیرانی حكومەتی هەرێمی كوردستان

بەڕێز/وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان

بەرێز/لایەنەسیاسی و رێكخراوە پیشەیی وجەماوەریەكان

## بابەت / یاداشت

ماوەیەكە لە ڕاگەیاندنەكانی ناوخۆو دەرەوە گوێبیستی زەنگێكی مەترسی دارلەسەر كەیسی ئەنفال دەبین ،دەسەلاَتی باڵای سیاسی و ئیداری لە عێراقی فیدراڵ وهەرێمی كوردستان تاوەكو ئێستا بێدەنگیان لەئاست ئەم ئاراستە دوژمنكارانەیەدا هەڵبژاردوە ئەم بێدەنگیەش لەژێر هەر پەردە و بیانویەكدابێ نیشانەی بێدەنگیە لە ئاستی ئەو پیلانە گەورەیە كە دوژمنانی گەلەكەمان بۆ بچوككردنەوەی كەیسی ئەنفال كاری لە سەردەكەن. ئێمە وەك كەس وكاری ئەنفالكراوەكان و كیمیابارانی هەڵبجەی شەهید نیگەرانی خومان دەردەبرین بەرانبەر بێ هەڵوێستی سەرۆكایەتی كۆماری عێراقی فیدراڵ و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ و ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ و  سەرۆكایەتی هەرێم و پەرلەمانی كوردستان و ئەنجومەنی وەزیرانی حكومەتی هەرێمی كوردستان و وەزارەتی شەهیدان و كارو باری ئەنفال كراوەكان .لە ئاست ئەو پیلانانەی لەئارادان بۆ سوك كردنی سزای سەپێنراو بەسەر تاوانبارانددا.

ئیمە چاوەڕوانی ئەوە بوین چۆن دەرئەنجامەكانی دادگای باڵای تاوانەكان لەبەغداد (كەیسی ئەنفالی وەك تاوانی جینۆساید ناساند ) ئاواش سەركردایەتی سیاسی كورد و دەسەلاَتی كوردی  لە رێگای كۆنگرەو كۆنفرانسی نێودەوڵەتیەوە  گەورەیی تاوانی ئەنفالی بە جیهانی دەرەوە بناساندایە و لەئاستی ناوخۆیشدا دەوڵەتی عێراقی پەیوەست بكردایە ، كە  بە فەرمی داوای لێ بووردن لەگەلی كوردستان بكات  و  قەرەبووی زەرەروزیانەكانی پاشماوەی كەسوكاری ئەنفال وكیمیابارانی هەڵەبجەو زەرەرمەندانی دەستی ڕژیمی پێشووی بكردایە.

ئەوەتا ئەو دادوەرە بەرێزە ماندو نەناسانەی دادگای باڵای تاوانەكان لەبەغداد كەبەگەورەیی خۆیان سەلماندیان (چەندە ڕیگا سەخت و دوربێ دەسەلاَتی دادوەری سەروەر دەبێ) ویژدانی خۆیان ئاسودەكردوە بەرامبەر ئەو تاوانە نێودەوڵەتیە كە دەرهەق بە گەل و نشتیمانەكەیان كراوە لەلایەن ڕژێمی دیكتاتۆری پێشووەوە ، هەروها دڵسۆزی و  ئەمەكداری خۆیان بۆ هەمولایەك سەلماند و وەك سەربازی ون پەیامە پیرۆزەكەی خۆیان گەیاند ،لەبری ئەوەی هەمولایەك پابەندبونی خۆمان بە دەرئەنجامەكانی دادگاوە رابگەیەنین و لێ نەگەرێین دوژمنانی كێشە رەواكەمان لەبۆسەو پیلانگێڕیدابن.مخابن لەبری یەك هەڵویستی وپەرۆشی بۆ كێشە ڕەواكەمان جۆرێك لە خەمساردی وسازشكاری لەسەرحسابی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان دەبینرێت. ئەوەتا ئەو بریارو راسپاردانەی دادگا دەری كردون هەر لە سزای سەپێنراو بۆ تاوانباران و گرتنی ئەو تۆمەتبارانەی كە لە لایەن دادگای باڵاوە داواكراون و قەرەبوكردنەوەی

**زەرەرو زیانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و هتد...لایەنە بەرپرسەکان لە هەرێمی کوردستان هەڵوێستێکی روونیان نی یە لە ئاستی ئەم بەرپرسیاریەتیە گەورەو مێژووییەدا ، ئەو ماوە یاسایەش کۆتای پێهات کە بۆ جێبەجێکردنی سزا ی سەپێنراوبەسەرتاوانبارانداا دیاری کرابو . کەچی هەڵوێستێکی ڕون و ڕاشکاوانەمان نەدیت لە سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو پیلانە ناوخۆودەرەکیانەی کە لە پشت یاساوە دەدرێت بۆ شێواندنی کەیسی ئەنفال و قوربانیانی جینۆ سایدی گەلەکەمان .**

**بۆیە بەم یاداشتە هەموو لایەك ئاگاداردەکەینەوە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان وکیمیاباران و نوێنەرەکانیان لەو گروپ و ڕێکخراوانەی کە لەم یاداشتەدا ناویان هاتوە ئامادەی هەمو جۆرە چالاکیەکن دژ بە هەردەست تێوەردانێك لە دادگای باڵای تاوانەکان لە بەغداد. وە پشتگیری تەواومان بۆ سەروەری یاسا دەردەبرین لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە :-**

- **داواکارین بەزوترین کات سزای لەسێدارەدانی تاوانباران(عەلی کیمیاوی ،سوڵتان هاشم،حسێن ڕشید تکریتی)جێبەجێ بکرێت**
- **بۆهیچ کەس و لایەنێك نیە سازش لەسەر دەرئەنجامی بریارەکانی دادگا لەسەرکەیسی ئەنفال بکات، چونکە دەست تێوەردانی بڕیارەکانی دادگا بۆخۆی سەرهەڵدانەوەی تاوانێکی ترە دژبە سەروەری یاساو گەلەکەمان .**
- **پشتگیری ئەو بڕیارەی دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق دەکەین کەداوای ئەو تۆمەتبارانەدەکات لە جاش و موستەشارونەو کۆنەبەعسیانەی دەستیان هەبوە لە تاوانی ئەنفالدا.**
- **دەبێ حکومەتی هەرێم و حزبە سیاسیەکان دەست هەڵگرن لە داڵدەدانی ئەو تۆمەتبارانەی لەلایەنی دادگای باڵاوە داواکراون.بەپێچەوانەوە داڵدەدانی تاوانباران سوکایەتی کردنە بە قوربانیەکانمان.**
- **داواکارین پەلەبکرێت لە کردنەوەی کەیسێکی تایبەت بە کیمیابارانی قوربانیانی هەڵەبجەو سزادانی تاوانباران و قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووان.**

---

1-لیژنەی داکۆکی لەکەس وکاری ئەنفال کراوەکانی گەرمیان
2 - کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە
3- ڕێکخراوی ئەنفالەکانی کوردستان
4-ناوەندی (چاك) ئەوروپا
5- کۆمیتەی هەڵبجە ناوەندی(چاك)
6-نوێنەرایەتی گەرمیان ناوەندی(چاك)
7- ڕێکخراوی ڤەژین بۆئافرەتانی جێماوی ئەنفالی بارزانیەکان
8-ڕێکخراوی شەهید ئارام بۆ گەشەپێدانی کەلتوری مەدەنی
9- دەستەی داکۆکی کارلەمافەکانی کەسوکاری شەهیدان وئەنفال کراوەکان
10- گروپی کار بۆ ئەنفال
11- کۆمەڵەی زندانیانی ئەنفال
12- کۆمەلەی پاشماوەکانی ئەنفال کراوەکان لە(چەمچەماڵ)
13- لیژنەی نوێنەرایەتی کەس وکاری ئەنفال کراوەکان لە(کفری)
14- لیژنەی نوێنەرایەتی کەس و کاری ئەنفال کراوەکان لە (خورماتوو)
15- خانەی فێرکاری لاوانی هەلەبجە/سەربەوزارەتی وەرزش و لاوان

2007/10/8